سەید حەکیم: قۆناغی داهاتوو پێویستی بە بەردەوامبوون و یەکگرتن و تۆکمە کردنی ڕیزەکان هەیە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پارتی موتەحدون کرد، لەم دیدارە باس لە کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەولەتی کردەوە و گوتی ئەوە بەڵگەی چاکبوونەوەی عێراق و لابردنی لاپەڕەی تیرۆرە.
سەماحەتی داوای کرد بەردەوام بوون و یەکگرتن هەبێت لە قۆناغی داهاتوو و ریزەکان تۆکمە بکرێتەو□ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببینەوە، لەپێش هەموویان ئاستەنگی ئابووری لەبەر ئەوەی عێراق بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکە زۆرترین زیانی بەرکەوتوە.